وەڵامێکی کورت بۆ ئاوات جاف ... حسەین جاف

من داوای لێبوردن لە خوێنەرانی کوردستانێتی خۆشەویست ئەکەم کەمن نووسەر نیم بەڵام خوێنەرێکی بەردوامی سەرسایتەکان وڕۆژنامەو گۆڤارەکانم ئەگە کەم وکوڕی لە نامە کەمدا هەبێت ئەبێت بمبورن.

بۆیەش هاتمە سەر وەڵام دانەوەی کاک ئاوات جاف چوونکا یەکەمین ناوی خۆی ناوە جاف ودووهەم بەڕاستی ناهەقیەکی زۆر زەق بەڕووی ئەو نیوە لاپەڕەوە دیارە کە نوسیو یەتی لەژێر ناونیشانی کوا پۆڵاسەعید؟. . هەرکەسیش ئازادە کام نوسەرو کام نوسین بەباش بزانێت یان لایەنگری کام نووسین وکام نووسەر بێت. بەڵام ئەوەی کە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو کە کاک ئاوات جاف، تاهیرساڵح شەریف کە شەڕە جنێو لەناو سایتە کوردیەکاندا ئەو دایهێناو ئەو شەو وڕۆژ جنێو بە سەرکردەکانی کوردو لایەنە کوردیەکان ئەدات کەچی ئاوات ئەو بە کاک تاهیر ساڵح شەریف ناو ئەبات. بەڵام بەکاک جەمال فەتاح ئەڵێ جنێو فرۆشە بەڕاستی ئەوە ئاکارێکێ زۆر ناشایستەیە کە مرۆڤ چاوی تەنها لایەنی چاکەی ئەوکەسانەی خۆی ئەیەون ببینت ولایەنی خراپەکانیان لە نوسینشدا کە بۆ عامی خەڵک ئەنوسرێت وەلاوە بنێت، من ئەوە دووساڵ زیاترە خوێنەری نوسینی سەر سایتەکانم بەڵام نەم دی کاک جەمال فەتاح جنێو بەکەسێک بدات یان هەردەم نوسینەکانی بەر گری بووە لەڕاستی ولە لایەنە شۆڕشگێرەکانی سەر گۆڕەپانەکە نەک وەک هەندێک کورد بەتایبەتی ئەوانەی سەر سایتی کوردستان پۆست کە بە ئاشکرا جنێو بڵاو ئەکەنەوە بەبێ گوێگرتن لەهیچ ڕاستیەک، جەنابی کاک ئاواتیش ئەگەر کاک جەمال فەتاح بە جنێو فرۆش لەقەڵەم ئەدات ئەبوو یەک دوو لەجنێوەکانی باس بکردایە کە ئەو جنێوی بەکێداوە؟دەبوو بەڵگەی هەبوایە نەک هەرەمەکی بنوسێت و بیەوێت خەڵکیتر لەکەدار بکات، کاک ئاوات وەکو تۆ هەقی خۆتە کە تاهیر ساڵح شەریف بە نوسەرێکی باش بزانیت ئێمەش کاک جەمال فەتاح بەنوسەرێکی ڕاستگۆو ڕەسەن ئەزانین، هەرچەند من هەرگیز تاهیر نایەنمە ڕیزی کاک جەمال فەتاح، وە دڵنیابە خوێنەری نوسینەکانی کاک جەمال بەتایبەتی لەکوردستان لە نووسینی زۆربەی هەرەزۆری نووسەرەکان زیاترە، بەتایبەتی چوونکە کاک جەمال هەمیشە درۆو بووختانی قین لەدڵان سپی ئەکاتەوە نەک جنێوو فرۆش بێت، بەڵام منیش بەتۆ ئەڵێم حەیفە جاف ئەوەنە کوێرانە بڕوانێتە ڕاستیەکان وەکو تۆ تێی ئەڕوانیت، زۆر بەرچاوم ئەکەوێت کە نوسەرەکان باسی ناوی خوازراو ئەکەن بۆیەلەوانەیە ئەو ناوەی تۆش ناوی خوازراوبێت وجاف نەبیت چوونکە ڕووناکبیرانی جاف هەموو ڕووناکبیری ڕاستە قینەن نەک وەک کاک ئاوات جاف ڕاستیەکان چەواشەبکات.

داوای لێبوردن لەگشت خوێنەران ئەکەم لەهەڵەو کەم وکوڕی نوسینەکەم.

حسەین جاف
2005/11/12
هەولێر